Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=US
Date: 2002.08.30 00:25:06 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

**بیرەوەری ٣١ ی ئاب و ڕەوتی خێرای ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان!**

**هەنووکە ٦ ساڵی ڕەبەق بەسەر ٣١ی ئابدا تێپەڕدەبێت و کارلێکردە سیاسییەکانی عێراقیش لە تەمەنی شوومی بەعسەوە ، ئاڵوگۆڕی بەپەلەو بەتاوی ئاوای بەخۆیەوە نەبینوە. ئەوەی بۆ من مەبەستە ئەم دوو جەمسەرە بەیەکەوە تێکهەڵکێش بکەم و وەکو هەر کەسێکی ئازادیخوازی کورد ، دەنگی نارەزایەتی لەبەرامبەر سیاسەتی قەبرغە شکێن و چەوتی حیزبە باڵادەستەکانی کوردستان بڵند بکەم، هەرچی زیاتر تەڵخی و تەپوتۆز لە بەرنامەو سیاسەتەکانیان بتەکێنم .**

**٦ ساڵ لەمەوبەر سەرکردایەتی سیاسی کۆنترین باڵی کوردایەتی لە کوردستاندا پەنای بۆ سامناکترین ئەکشن برد، پەنای بۆ ترسناکترین کارت برد لەبەرامبەر باڵێکی تری کوردایەتیدا ، بەدەر لەوەی چەند هەزار کوڕی داماوی خەڵکی کوردستان لە کەپکی حەمەد ئاغاو هەندرێن وبەرزاییەکانی تری ڕەواندوزو شەقڵاوەو تەپۆڵکەکانی زیارەت و دۆڵی شەهیدان و، باڵەکایەتی و بالیسان ومامە ڕووتەو...هتد. یان لەبەر قرچەی هەتاودا لە نێوان دانەجیرەی هەردوو لەشکرو سوپای کورددا هێدی هێدی مەگەزی تێدەدا و بێناز بۆ چەندین هەفتە بەجێدەمان ،یان لە بەفروزەقیتەی زستاندا سەدان بریندای شەڕی کوردایەتی ڕەق دەبوونەوە، بەجیا لە سەدان دیلی هەردوولا کە بەدەستی یەکتری کوژران ،پاش ئەوەی کە ئەتک دەکران و سووکایەتییان پێدەکراو تەنانەت هەندێکیان زمانیشیان دەبڕیتن , سەدانیش بێسەروشوێن بوون .**

**بەڵێ دڵی پڕ لەعەشقی کوردایەتی سەرکردایەتی سیاسی کورد دڵی بەو هەموو خوێنی تافەلاوانە شێی هەڵنەهێنایەوە ، پەنایان بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان برد بۆ ئەوەی تینوێتی دڵیان بشکێنیت. داواکرا لە سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و سەرکردەی گشت هێزە چەکدارەکان** (رئيس مجلس قيادة الثورة ، و القائد العام للقوات المسلحة) **و پاڵەوانی ڕزگاریی نیشتیمانیی و** ( القائد الضرورة) **تا بە هانای سوپای کوردەوارییەوە بچن و لە چنگی لەشکری کوردایەتی ڕزگاریان بکەن.**

**هەندێک لە ڕۆشنبیرە بەسەوادەکانی ئەم حیزبانە ، دەڵێن ڕەخنەگرتن لەحیزبەکان و بەتایبەت لەم کاتەدا ، سووکایەتی کردن بە خوێنی شەهیدان و سەرکردەکان و خەباتی چەندین دەیەی حیزبە کوردیەکانە ،بەڵام ئایا بەڕاست شەڕی ناوخۆ بە گشتی و ٣١ی ئاب بەتایبەت سووکایەتی کردن نەبوو بەهەموو کەلەپووری خەڵکی ڕاپەڕیوو شۆڕشگێڕی کوردستان ، هەر ئەوەی خۆیان پێی دەڵێن ، کەرامەت و شەرەف و موقەدەساتی خەڵکی کوردستان هەمووی نەخرایە ژێر زنجیری تانکەکانی بەعسەوە ، نزای خەڵکی ژاراوی هەڵبەجەو گەرمیان و بالیسان و بادینان ، کزەی سووتاوی گەلێکی ئەنفالکراوو ٨ هەزار بارزانی دزراو نەکرایە ، هەوێنی نامەیەکی پاڕانەوە لە جەلادترین کەس ، لە سەدام و عەلی کیمیاوی ، لالانەوە بۆ سوپایەک کە کوردستانی کردبووە سووتماک و نەک هەر قەڵاچۆی دانیشتوانەکەی کردبوو ، بەڵکو قەڵاچۆی مارو مێرووەکەشی کردبوو.**

**پەنابردن بۆ سوپایەک کە تائێستاشی لەگەڵدا بێت کورد لە بێژنگ دەدات لە کەرکووک و خانەقین و ....هتد شاربەدەریان دەکات و یەکسەریش شوێنەکانیان تەعریب دەکات ، سووکایەتی کردن بە لافاوی خوێنی ئەو هەموو ڕۆڵەیەی کە خۆیان بەخشی بۆ ڕزگاری نەتەوەکەیان زیاتر چ ناوێکی تر**

هەڵدەگرێت . هێنانی پاسدارو میت و بۆ کوردستان و کردنەوەی بنکەی سیخوڕی بۆیان و پێش لەشکری بۆ سوپای تورک لەلایەن هەردوو حیزبەکەوە ، سووکایەتی کردن نییە بە ڕاپەڕینی ١٩٩١ و بە هەموو خەباتی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان. بەڵام بە تایبەت لە ٣١ ی ئابدا گرینک ئەوەبوو میلیشیای حیزبێک تای تەرازووەکە بە قازانجی خۆی لەبەرامبەر ڕەقیبەکەیدا کە گووایە پێش لەشکری بۆ سوپای پاسداران دەکرد ڕاست بکاتەوە.

پارکی پەرلەمان کرایە ترمێنالی دەبابەو ،( ٦٠ و ٣٠ )یەکەی هەولێر کرایە ئۆتۆبانی زرێپۆشەکانی بەعس و ئالای کوردایەتی ئامبازی ئالای بەعس بوو ، ماڵ بە ماڵ مژدەی زەماوەندی هین و مینیان دەبەخشییەوە .٣١ی ئاب ڕۆیشت، حکومەتی هاوبەش توڕدرایە زبڵدانی کوردایەتییەوە ،دوو حکومەتی ئێمپایەری# حیزبی و پەرلەمانێکی تەواو ئیفلیجی تاک حیزبی لێکەوتەوە ،تەنانەت ئەم دوو حکومەتە خۆشیان دان بە یەکتریدا نانێن .قووربانیەکانی خەڵکی کوردستان لە چواردەیەی ڕابردوودا، بوو بە قووربانی دوو عەقڵیەتی عەشیرەتگەری و بنەماڵەیی و بنەئەربابی ئەوەی نیشانی هەموو کەسێک دایەوە کەخواستی خەڵکی کوردستان و هەنسکی سەرەمەرگی ئەو سەدان هەزار قووربانییەی خەڵک داویانە بۆ ئازادی، لای ئەم دوو حیزبە جگە لە ساختەو فڕوفێڵ و هۆقەبازی زیاتر چیتر نییە لە ئاست بەرژەوەندی حیزبی و دەسەڵاتی حیزبیدا.

٣١ ی ئاب بەهەموو ئازارەکانیەوە چەل بوو، بەڵام ئەوەی سەلماند ، کە بەرژەوەندی حیزبی و لەزەتکردن لە دەسەڵات و پاوانخوازی میلیشیایی ، ئامادەیە چەندین کارەساتی هاوچەشنی ٣١ ئاب بۆ مێژووی خەڵکی کوردستان تۆمار بکاتەوە. لە ٩٤ ەوە چوار جەولەی خوێناوی لەشەڕی ناوخۆ ، گەورەترین شەرمەزارییە بە تەوێڵی هەموو ئەوانەی کە بەدوورو نزیک لەو شەڕەدا سەرەپەتێکیان بەدەست بووەو ئەگەریش عەدالەت و یاسا ، بە مانا دیموکراسیەکەی بۆ یەک ڕۆژ لە کوردستاندا لەسەر پێی خۆی بوەستێت ، دەبێت دادگایی هەموو ئەوانە بکرێت کە ئەو شەڕە بێ مانایەیان کلپ دەدا.

ئێستا ئیتر کوردستان و عێراق ، بۆتەوە مەیدانی کێشمەکێشی ئەمریکا و ڕژێمی بەعس، کەم کەس هەیە گوومانی لەوەدا مابێت کە ئەمریکا بۆ ناردنە دەرەوەی قەیرانە ئابووری و سیاسییەکانی خۆی و باڵادەستی لە ئاست جیهاندا، پێویستی بە شەڕێکی تر هەیە و کۆمپانیا ئەمریکاییەکانیش چاویان بڕیوەتە ئەو هەموو گەزۆو سجوقەی کە پێیان دەبڕێت لە چێکردنەوەی بنخانی ئابووری عێراقدا ، بە دیوێکی تردا ئەمریکا ئەو بەربەستەی لەبەردەمدا نییە کە ئەم شەڕەی بۆ نەلوێت ، ئەوەی منیش مەبەستمە ئەوەیە ئایا سەرکردایەتی کورد کە چەندین ساڵە خەونی ڕەنگاو ڕەنگ و ئەفسانەیی دەدەن بە گوێی خەڵکدا ، لەمە باشتر هەلیان بۆ ڕێک دەکەوێت کە لە پێشەوەیە، ئەوان کە چوار ساڵە ، نەک نەیانتوانیوە ڕێکەوتننامەی واشینتۆن بکەنە مەلۆتکەیەک ، بگرە نەیان توانیوە لە لاپەڕەیەکەوە بیکەنە یەکێکی ترەوە. شەست بۆ حەفتا دانیشتنی ئەوەی ڕوو بەخەڵک بوو کراوە ، جیا لە سەرپێکەوەنانە نهێنییەکان ، تا ئێستاش نەگەیشتۆتە قۆناغی گاگۆڵێ.

ئایا ئەوەی کە ئەمڕۆ یەکێتی نیشتیمانیی بۆ دەوڵەتی فاشیستی تورکیا و لاواندنەوەی تورکمانە تۆرانیەکان دەیکات ، ئەرکی کوردایەتییە ،ئەی قودسی کوردستانەکە لە کام کاروانی سیاسی بەجێما ، وا ناویشی ناهێنرێت ، ئەو هەموو ئیمتیازاتە زۆرەی بەو گروپە سیاسیە تورکمانیانەی

ژێر دەسەڵاتی دەدات لە ئەنجامی چییەوەیە، ئەو ڕاگەیاندن و قسەکردنانەی بۆ کەناڵەکان دەکرێت لە لایەن سەرکردایەتی ینک ەوە جگە لە دڵسۆزی بۆ تۆرانیەکان لە لایەک و ، هارکردنی دڕندەیەکی وەکو سەدام زیاتر چیترە . ئەی مەگەر پارتی دیمۆکراتی کوردستان کە بەنەرم و نیانی و دەست بەکڵاوی خۆوە بگرە ناسراوە لەناو خەڵکی کوردستان و دەوڵەتەکانی هەرێمەکەشدا ، ئەم هەموو شیعارو قسە خۆشانەی لە سەر کورد بوونی کەرکووک و تەعریب ودەمکووتانەوەی سەرکێشی تووركمانەکان و ڕیسواکردنی بەکرێگیراوی تووركمانەکان بۆ دەوڵەتی تووركیا ، لە ئەنجامی دڵسۆزیەوەیە بۆ خەڵکی کوردستان ، یان پاشقوول گرتنە لە بەرامبەرەکەی و ڕاکێشانی کارتێکی ترە، چوونکە هەر ئێستا بە ڕاگەیاندن بێت یەکێتی بە تۆزی پارتیدا ناگات لە بەرگری کردن لە کەرکووک وکوردایەتیدا؟ .

لە هەموو خەڵکی کوردستاندا ، چەند سەد کەسێک پەیدا ناکرێت کە پێی خۆش نەبێت خەڵکی کوردستان ستەمی نەتەوەیی لە سەر نەمێنێت و بگرە جیابوونەوە و سەربەخۆییش ڕانەگەیەندرێت . ئەی ئەم هەموو چاو بەستنەی خەڵکی کوردستان لەلایەن ئەم دوو هێزەوە تاکەی شمشاڵی بۆ لێبدرێت. ئایا بەڕاست ئەم حیزبانە لەو ئاستەدان کە پێشەنگی ئەم پێشهاتە ووردو ئاڵۆزانە بکەن ، ئایا ، بەرژەوەندی سیاسی و حیزبی خۆیان دەگۆڕنەوە بە دەسکەوتی میلەتەکەیان . ئەوان کە لە ساڵی ۱۹۹۲ ەوە ، پەرلەمانە هاوبەشەکەیان بڕیاری فیدراڵی جارداوە ، تا ئێستاش لە سەر کلێشەیەک ڕێک نەکەوتوون بە هاوبەشی ، تەنانەت نەیانتوانیوە ئۆپۆزیسیۆنی لاتوپووتی عێراقییش ، بهێننە ژێریەوە، بەدەر لەوەی کە کلێشەکەی پارتی چەند بە قازانجی خەڵکە یان بە پێچەوانەوە .

ئەم یەک گووتاری سیاسی و یەکخستنەوەی ماڵی کوردە ، بۆتە بنێشتە خۆشەی ڕاگەیاندنی هەردوولا ، بەڵام لە ناوەڕۆکدا شتی تر دەگووزەرێت ، من پێم وایە پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی لەو هەموو سەروەت و سامان و تاکڕەویە ، وا بە ئاسانی بەر نابێت ، هەر ئەوەش بوو یەکێک لە هۆیەکانی ، نەچوونی سەرۆکی پارتی بۆ ئەمریکا، کە ئەڵتەرناتیڤێکی لەمە باشتر نابینێت ، بەتایبەت هەڕەشەی سەدامیش لەو لاوە بوەستێت کە سووپاکەی نەزار خەزرەجی خشتی بناغەی ئەو دەسەڵاتەیان بۆ پارتی دانا لە ۳۱ ی ئابەوە ،پارتیش ئیلتیزاماتی زۆری هەیە کە نەوێرێت وازی بەم هەموو کارتە بکات لەیەک کاتدا، بەدەر لەوەی خۆ قوورس نیشاندانێکی ترە بە یەکێتی ،کەمن حیزبی باڵادەستی یەکەمم و دەبێت براگەورەییم لێ قبووڵ بکەیت.

بێ گوومان ئەو هەموو تەنازوولاتانەی یەکێتیش بۆ تووركیا و تووركمانەکان و ئیسلامیەکان کە ئێستاشی لە گەڵدابێت ، یەکێتی مانگانە چەندین ملیۆن دیناریان لە قووتی خەڵک دەداتێ،سیاسەتەکانی یەکگرتووی ئیسلامی جێبەجێ دەکات و وەکو برا گەورە دایدەنێت و بە قسەی دەکات و ڕەوشتی یەکگرتوو پەخش دەکاتەوە . هەر لە ئەنجامی دژە سیاسەتی پارتییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو هەموو ئیمتیازاتانەی بە تووركمانەکانی دەدات ، خۆ وەچەکانی ئەتاتۆرک ئەوەندەی یەکێتی دەستیان پێوەناگرن ، بەدەر لە بێدەنگی یەکێتی لە هەڕەشەکانی تورکیا لە کوردستان ، وەکو ئەوەی کە هیچ ڕووی نەدابێت. تەنانەت سەرکردایەتی یەکێتی نیشیتیمانیی لە ڕاگەیاندنەکانیدا سەبارەت بە ئەگەری لێدانی عێراق و ڕۆڵی کورد هەر ڕۆژەو شتێک دەڵێت و کەسێک لە ناو یەکێتیدا ڕاناپەڕێت ئەرێ سەرکردایەتییەکەمان بۆ ئەو هەموو هەڵەیە دەکات .

ئەم دوو حیزبە نەک هەر ناتوانن ، ڕێکبن لە سیاسەتەکانیاندا و واز لە بەرژەوەندی خۆیان بهێنن بۆ بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان ، بەڵکو بەدەر لەو سیناریۆیانەی کە کەمالیستە تۆرانییەکان بەدەستیانەوەیە کە بۆ کەرکووک و ناوچە نەوتییەکانی تر ،من گوومانم هەیە ئەمان خۆیان دەست نەنێنە خوێنی یەکتر، مەگەر گەرانتی چی هەیە کە شەڕو شۆڕی تر نەبێتەوە ، ئەوان پاش چەند جەولە لە شەڕو ئاشتی ، یەک هەنگاویان دیار نییە کە پێک بێنەوە لە قسەی سەر کاغەز زیاتر، ئەی ئاشتەوایی چ مانایەکی هەیە، لەمەودواش و بەتایبەت لە دوای لابردنی سەدام . ئەوان هەشت ساڵە لە سەر ئیبراهیم خەلیل و دەسەلآت شەڕ دەکەن ، ئەی ئەگەر کەرکووک بکەوێتە دەست لایەکیان ، کە دیارە بە دڵنیاییەوە یەکێتی زیاتر بە ماڵە بەشی خۆی دەزانێت و پارتیش هەروا چیچ ناداتەوە ، چ گەرانتیەک هەیە کە نەوت و خوێن نەکەنە کۆکتێل و جارێکی تریش کوردستان نەکەوێتە چنگ هاوڕێکانی نەزارو وەفیق و نەجیبەوە .

ئێستا هەندێک بۆچون هەیە کە ، ئایا پارتی و بارزانی ، هەڵوێستیان چۆنە وا توونده بەرامبەر بە تورکیا و یەکێتییش بە پێچەوانەوە، بەڕاستی من پێم وایە هەڵوێستی پارتی هەڵوێستی زۆربەی خەڵکی کوردستانە لەئاست هەڕەشەکانی وەزیری بەرگری تورکیادا، بەواتایەکی تر ، گەلی کورد بە زۆرینەی دەنگ ئامادەیە داکۆکی لە خۆی بکات لە دژی هەردەستریژیەکی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان،چونکە دەمێکە گەلی کورد ئیرادەی نواندوە بۆ داکۆکی لە خۆی ، ئەوە حیزبەکانن کە هەزار ساتوسەودا و کاری ژێربەژێرو پرۆتۆکۆلاتی سیاسی نهێنی ئیمزا دەکەن بە قازانجی لایەنەکەی خۆیان و دژ بە ویستی گەلی کورد. بەڵام ئەمەی پارتی موزایەدەی سیاسییە ، نەک هەڵوێستی تۆکمەو بە ئیرادە .من زۆر قەناعەتم بەوە هەیە کە ئەگەر ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارەی کوردستان، وەکو خەڵکی کوردستان ئیرادە بکەن ، لمبۆزی بەرزی لەشکری تورکیا ، شکاندنێک دەشکێنرێت کە مێژووی ئەو لەشکرە بەخۆیەوە نەیبینیبێت . هەمان چارەنووسی لەشکری ئەمریکا، لە شەڕی ڤێتنامدا بۆ خۆی تۆمار دەکات .

بەڵام ئەوەی جێگەی شەرمەزاریە ئەوەیە کە یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان لەولاوە ئاخ بۆ ئەوە هەڵدەکێشێت کە برا تورکمانەکان بەشداریان نەکردووە لە کۆبوونەوەی ٦ لایەنە ئۆپۆزیسۆنەکەی عێراقداو ئاسانکاریان بۆ دەکات و بنکەی سیخوڕیان لە ناوچەکانی خۆی بۆ دەکاتەوە ، بە هەردوو دەست دەیکات بە قورگیاندا ، کاتێک تورکیا ڕێگرە لە چوونی بارزانی بۆ ئەمریکا ، تاڵەبانی بەوێدا گووزەر دەکات ، ئەمانە جگە لە ناڕێکی ئەم دوو حیزبە هیچی تر ناگەیەنێت ، ئەمانە ڕاستگۆ نین لە گەڵ خەڵکی کوردستاندا ،پارتی و یەکێتی موزایەدە بە سەر خەڵکی کوردستان و بەسەر یەکتریدا دەکەن، پارتی ئەگەر ڕاست دەکات و موزایەدە ناکات ، ئەی بۆ پەشیمان بۆوە لە هەڕەشەکەی ، کە خواستی دڵی خەڵک بوو ،بەڕاستی ئەم حیزبانە شێرەبەفرینەن لەبەرامبەر داگیرکەرانی کوردستاندا و پڵنگی بێچوو خووراویشن بۆ گیان خەڵکی کوردستان و هەر لایەنێکی سیاسی کوردستان کە پێیان بگووترێت لەل.ئەم دوو حیزبە ،تەنانەت ڕاستگۆ نین لە کەشوهەوای ئاشتەواییەکەشیان . تا ئێستاش ئەمانە پاشقول لە یەکتر دەگرن و لە کینی یەکتر ،سیاسەتی دژی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان زیاتر پەیڕەو دەکەن.

سەرەنجام ، ئەوەی لە پێشهاتەکاندا دێتە پێشەوە زۆر لەوە گەورەترە ، کە ئەم دوو حیزبە بەرپرسیارییەتەکەی لە ئەستۆ بگرن ،سەرکردایەتی ئەم حیزبە کوردیانە ئەوەندە کورتبینن کە ئەمرۆ ڕاگەیاندنێک بلاودەکەنەوە ، سبەی دەبێت کەسێکی تر بۆیان پینە بکات ، ئەم دوو حیزبە نە

به گفتار و نەبەکردار ڕێک نین و لە گەڵ بەرژەوەندی خەڵکیشدا ڕێک نابن، ئەوە خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستانە کە دەتوانن چارەنووسی خۆیان بە ئیرادەیەکی سەربەخۆوە بهێننە مەیدان و ، لە مێژووی دوورو نزیکیشدا ، هەلی زێڕین و مێژوویی وا ڕێک نەکەوتووە بۆ خەڵکی کوردستان کە خاوەنی بوونی خۆی بێت ،ئەمریکا کە دیارە بە عەنتەری کارەکانی خۆی دەباتە پێشەوە ،هیچ هێزێکیش لە دونیادا لەم کاتو ساتەدا توانای پێشگرتنی هێرشی ئەمریکای نییە، لە کاتێکیشدا ئەمریکا بە خاتری بەرژەوەندییەکانی خۆی سەدام لادەبات ، خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانیش دەتوانن ئەم هەلە بقۆزننەوەو کۆتایی بە چەند سەدە لە ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی بهێنێرێت و چیتر ئەم حیزبانە سەپشک نەکەن لەوەی کە خەڵکی کوردستان بەرەو قووماری سیاسی نادیار بەرن،چارەنووسی خەڵک ببەستنەوە بە دەست خستنە ناو دەستی داگیرکەرانی کوردستانەوە.

# ئەمبراتۆریەت

خەتاب سابیر
khatabs@hotmail.com
30/08/2002